پەرتەتە راستەقینەکەی باوکی هەژاران … نووسینی: ستیڤان شمزینی

"لەوانەیە ئەمە مژوومان بیر بچێتەوە، بەڵام مژوو ئەمە لە بیر ناکات"
فریدریک جیمسن

ئەمە دوو ساڵ تێپەڕی بەسەر مردنی "نەوشیروان مستەفا"دا. لە نێو ئەو فەزا تەوتەمپەرستیی و مەردووپەروەریەی ئەمدا، مەرگ دەسەڵاتکی فراوانی هەیە لە سەینەوەی پەرتەتی راستەقینەی کەسایەتی تاکی مردووداە، بە شێوەیەک وێنایەکی ئیدیالی وەها بە مردووەکان دادەتاشرێت، بە هیچ کلێجەک نەنگی و ناشرینییەکانیان نەبینرێت. ئەوەی راستی بێت دەمەکە ئەو جۆرە پرسگرێان و هەڵدان بە شکڵی مردووەکانم ناو ناوە زەلکاوی عاتیفی، گەر تەواو خێت جێو نەکەیت، دەبیتە بەشک لە ئاپەرای شیونگێڕ. ئەمە نە تەنیا لە مردنی نەوشیرواندا بە زەقی دەرکەوت، بەڵکو لە هەنانەوەی تەرمی مەلا مستەفا و مردنی جەلال تاڵەبانیشدا بە هەمان ئەو تەخییە دەرکەوتبوون و دەرکەوتن. ئەو دیمەنەی دوو ساڵ بەر لە ئەمە لە ناشتنی تەرمی نەوشیروان و دواتریش لە پیرەزکردن و بە "مەرقەد"کردنی گەڵکەیدا بینیمان، جارێکی تر کرمبوونی کولتووری سیاسیی کوردیی خستەوە بەرچاومان کە تەنیا ژینگەیەکی لەباری بەرهەمهێنانی سێکت و دەروێشگەرایی و سەرۆک و سەرکردەپەرستییە. لە هەمان کاتدا نەخۆشی سەندرەمی ستەکهەڵمی کەمەڵگەی کوردیی وەک فاکتێکی تا بەرجەستە کرد، ئەم عاشقبوونە بە جەلاد، ئەوانەی ژیانی مرۆڤ پووچ دەکەنەوە و ئازادیی بە بارمتە دەگرن، وەنەبە نەخۆشییەکی تازە دەزراوی دوای ئەو رووداوەی پێش پێنجا ساڵێکی بانگێکی شاری ستەکهەڵم بێت، بەڵکو بەشێوەیەکی پریمیتیف لای "ئیبن خەلدون" تێریز کراوە و بەو پێیەی جێخت دەکاتەوە "چەوساوە هەموو کات عاشق و لاسایکەرەوەی چەوسێنەرەکەیەتی". ئەم گەلاڵەیەی کتێبی "المقدمە" لە کەتواری کوردیدا بە رووبی خێی دەنوێنێت بەتایبەت لە پرسە و ماتەمینی سەرکردە سیاسیی و کاریزماتیکەکاندا.
بە دەستی خۆم نییە، هەموو کات لە بەرامبەر ستەمکاریی سەرکردە سیاسییەکاندا، چاوەڕوانی پیرەمێردێ تەسەتییەکی چیرۆکی "ئەسرحەدون"م. تەستەی لەم چیرۆکەدا کە ساڵی 1903 نووسیوویەتی،

لە ڕێی چیرۆکێکی هونەرییەوە بەسەرهاتی پادشا "ئەسەرحەدون"ی ئاشووری دۆزیوەتەوە، لەو کاتەی تەواوی شارێک خاپوور دەکات و کاولکاریی دەستی دەگاتە هەموو پنتەکی شار داگیراکراوەکە و بە وتەی خۆی کۆنکی لە تەرمی سەربازانی دوژمن هەڵچنیوە، بیری لەوە دەکردەوە پادشا لایلی بە خازوق ئیعدام بکات. پیرەمێردێکی لە پێدا دەبێت و پێی دەڵێت، تۆ ئەسەرحەدون نیت، تۆ لایلیت. تۆ سەرنەکەوتوویت بەڵکو شکستت هێناوە. بە سەلماندنی قسەکانی داوا لە پادشا دەکات بچێتە ناو ئاوێک و سەری بخاتە ژێرەوە و ئەمیش شەربەیەکی ئاو دەژێت بەسەریدا، لەو چەند چرکەی سەری ئەسەرحەدون لەناو ئاوەکەدایە، خەیاڵێ ترسناکەکان واقیع ئاوژوو دەکەنەوە، خۆی دەبینێت بووە بە لایلی و بە ڕووتی لە گۆڕپانی ئیعدامدایە، دەمێکی تر خۆی وەک کەرکی کەوی دەبینێت، ئەسەرحەدون بە تیرێک ڕاوی دەکات. لەم کاتە ناخۆشە سەری لە بن ئاوەکە بەرز دەکاتەوە و تووشی تەقین بووە، پیرەمێردەکە بە هەمنی پێی دەڵێت "ئێستا بۆت ڕوون بووەوە لایلی تۆیت، نێک هەر ئەو سەرباز و جەنگاوەرانە، بەڵکو ئەو ئاژەڵانەشی ڕاوت دەکردن، بە ناوی میوانداریی و زیافەتەوە دەتخواردن خۆت بوویت، وات وێنا دەکرد ژیان بە تەنیا لە تەدا هەیە و هەر تەش مافی ژیانت هەیە".
لە مردنی نەوشیرواندا چاوەڕوانی ئەوە بووم، کەمێگە بە دەنگێکی کەرائاسا بێت واتدەزانی جیهان بە تە دروستکراوە و ئەو هەموو گەنجە بە ئەوە لە دایکبووون سایکۆپاتێکی وەک تە یەک یەک بیانکوژێت. ئەگەر لە کاتی دەستات و ژیانیدا ئەم دەربینە زبرە بەهێی زەبروزەنگ و تەقاندنی کاکە نەوەوە کردەیێکی ریسک ئامێز و مەحاڵ بووبێت، خە بایکۆتی ئەو هەموو شیوەنگێڕیی و خەنینەوە دەستجەمعیەی شارێک دەیتوانی هەمان مانا بدات. لەبەر ئەم فاکتەرە هیچ ناوێکی ترم بە ئەو پرسسی تەقدیس و تەوتەمیزەکردنی نەوشیروان بە نادەزرێتەوە، تەنیا ئەوەندە دەتوانم بڵێم زرینەی کورد گرفتارن بە نەخۆشی دەروونی و گرێی عاشقبوون بە جەلاد.

لە نێوان نەوشیروان و ئەبوتەبەردا

لە هەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، لە پرسەی پاکتاوی ناو ریزەکانی حزبی بەعس لە عێراق، هاوکات بە لەناوبردنی ژمارەیەک کەمۆنیستی چالاک، کەمپەینێک کوشتن بەشێوازێکی نامۆ ئەنجامدران. پشکی شێری ئەو کوشتنانە ڕووی لە ئەکتیڤیستە سیاسیەکانی ناو باڵی دەستە چەپی پارتی بەعس بوو، ئەویش بە هەڤترین فەرمی کوشتن لە ڕێی تۆر و کەردەوە، هەموو ئەمانەش بەستراونەوە بە تاقمێکی دەمامکداری

چەتەگرەوە کە کەسایەتییە یەتەپییە ریالییەکەی ئەبوتەبەر ناوەک بوو لە شاری بەغداد. باسی سەدام- بەکر و زەرینە لە حزبی بەعس بۆ هەموو دەندەییەی خیانەوە دەیانویست ئەبوتەبەر وەک شەبەحەکی خراپەکار بناسێنن و بەهیچ کلاجێ نەیاندەتوانی خاوەندارێتی لە دەقییەکانی بکەن. نەوشیروانیش لە مژووی نزیکی کورددا هەمان کارەکتەری ئەبوتەبەرە بە قەرزنە گوردییەکەی، بەکو تۆند و دەقانتر پاکتاویی فیزیکی و نابەرجەستەی هەموو یار و نەیارانی کردووە. تەوروشاندن بە کوشتنی مرۆڤ بۆتایبەت نەیارانی سیاسیی فەرمەکی زەر دەخوازی نەوشیروان بوو، ئەمەش کار رەکەوت نەبوو، چوونکە لە بۆتەی هەمان سیستمی پەروەردەیی ئەبوتەبەردا چاوی پشکوتبوو، بەو پێیەی دوا نارنجەک خستنە ئاهەنکی سانەوی سلەمانی کچان لە رێی جەمالی ئەحە خورشەوە، بە سپارتی نازم گزاری بەرەوبەری ئەمنی گشتیی ئەوکاتی عەراق کارئاسانی بە کرا بە سفەری دەرەوەی وەلات و "کەناری دانوب". مەدیلی کوشتن لەسەر شەوازی قەسابەکان، وەک دوا فەرمی دەقانەی کوشتن، مەدیلەک بوو لە رێی نەوشیروانەوە چووە ناو مژووی نزیکی سیاسیی کوردەوە.
ئەوەی جێگای سەرنجی منە هەر ئەوە نییە هەردوو کەسایەتی ئەبوتەبەر و نەوشیروان لە یەکتر دەچن، بەکو ئەو واقیعە تاشە هەنووکە لە دەخی کەمەگەی کوردیدا دەیبینین. ئاخر ئەبوتەبەر وەک دەندەیەک چووە زبەدانی مژووەوە، لە چینی یادەوەریی عەراقییەکاندا وەک تارماییەکی ترسناک جێی خۆی گرتووە و ئامادەگی هەیە. کەچی نەوشیروان بە بیەگرافیاکەی کە خوێن و کوشتن و تەوروشاندنە، وەک مارتن لوسەر کینگ لای نەویەکی بە ئاگا لە دیرەک، وەنایەکی قەشەنگی بە کەشراوە. لەوە کەمیدەتراژیدتریش گەکەی وەک جێگەیەکی پیرەز تەماشا دەکرێت "ناوەهنانی گەی نەوشیروان، بە مزار خۆی لە خێدا دەلالەتی زەری هەیە یەکەک لەوانە پیرەزیی پێ بەخشینە". رەنگە ئەمە تاترین واقیعی زیهینی و بەرجەستەی کەمەگەیەک بێت خوێنەژەک بە سیمبولی هیومانیزم و رابەری چاکسازیی سکەج دەکات، هەر بەو پەرتەتە ساختەوە دەیەوێت بیخاتە لاشعور و مەشکی نەویەکی بە مەشک و پاسیڤی وەک ئەو نەوە هەژارەی لە رووی خوێندەواریی سیاسیی و مەعریفییەوە لە کوردستان بەرهەم هێناوە. هەروەک دەبینن هەموو وزەی ئەم نەویە لە چەند هەجو و جنەوەکی سیاسیدا خۆی دەبینێتەوە بەرامبەر کەسەک بریندەک بخاتە نارسیزمییەوە و لە خوونی قووڵی بە ئاگایدا نەقیزیەکی هەشیارانە بکات بە مەشکیدا و بداری بکاتەوە. ئەو خوونی پێچوانە دەبینێت و نایەوێت باخبەر بێتەوە!.

باوکی هەژاران

نازناوی "باوک"ی هەژاران بە خەی جگەی هەوەستە لەسەرکردنە. باوک رەمزی دەسەاتخوازیی خەزانییە و تەرمەکی پیاوسالاریە. رەنگە نهەنی کوشتنی ژنانی دوای ساەی 1991 و راپەینی باشوور، بە بەیاری باوکی هەژاران، زادەی ئەو دەرقییە باوکسالاریە بەت ئەندەشەی نەوشیروانی داگیرکردبوو. تەنانەت لەسەردەمی "گەان"یشیدا، وەک پارتیارکەکی پیر هەندەی جەختی لە "سەوابیت"ی ئاینی دەکردەوە، تەنانەت نەیدەتوانی چەشنی پەوپاگەندەی هەبژاردنیش باس لە کەشە جەندەریەکان و یەکسانی رەگەزایەتی بکات. گەر لە مافی "موچەی کابان"یش وەک بەشەک لە بەرنامەی سەرەتای حزبەکەی بە هەبژاردن ورد بینەوە، ئەو مافە نەک یارمەتی ژن نادات، بەکو بەشەکە لە پرسەی بەندکردن و هەشتنەوەی ژنان لە مەتبەخی ماەکاندا، تا ئەوەی ژن وەک کارەکتەرەکی ئەکتیڤ پە نەنەتە کایەی سیاسیی و ئابووری و بەوەبردنی کەمەگە. هەر بەیە ژن لە حزبە نوەیەکەی ئەودا "گەان" هیچ جگەیەکی شایانی باسی نەبوو، دەست و رای ژن لە هیچ ناوەندەکی بەیاردا نەدەبینرا و تائەستاش نابینرەت.

ئەوەش بە پەچەوانەی نەریتی هاوەە مەژووییەکەیەوە بوو"مام جەلال"، چوونکە هاوژینی ئەو "هەرە ئیبراهیم" رەەکی ئەجگار بەرچاوی هەبوو لە ئاەاستەکردنی ژیانی حزبیدا، هەمیشەش لە سەردەمی ژیان و دەسەاتی بە سنووری خودی تاەبانیدا، وەک ژنەکی چالاک و خاوەن بەیاری یەکلاکەرەوە دەرکەوتووە "قسە لەسەر ئەو سیاسەتە نییە هەرە ئیبراهیم بەەوەی دەبرد، بەکو قسە لەسەر پەگەکەیەتی، هەروەها هەەسەنگاندنەکی بەراوردکاریشە". هەر لەم سیاقەدا دەتوانین تەرمی "باوک" وەک وەسفەک بە نەوشیروان بەو دیوەدا بخوەینەوە لەسەر روانگەی پارتیارکی بینا بووە، کەی وەسفەکەش بەسەریەکەوە "باوکی هەژاران" ناوەکی تری پەە لە ئیشکالییەت و سەیر و سەمەرەیی. ئاخر هەژاران باوکیان نییە، جگە لەو باوکە دەەقەی وەک بردناشە بەی چووە بە ناوی داکەکیکردن لەیانەوە دەوەەمەند دەبەت. داستانی نەوشیروانیش بە دەوەەمەندبوونی خەی و بەجەهشتنی سەرمایەیەکی خەیاەی بە منداەە بایەلەژیەکانی و هەژارتربوونی ئەو هەژارانەی لە ژەر باەی باوکایەتیدا لە دەوری گووتارەکی سواو کەی کردبوونەوە کەتایی هات!!. ئەم جگە لەوەی نازناوی باوکی هەژاران، باوکی پەەلیتاریا، ئەو نازناوانە بوون بە گەورە دیکتاتەری سەقەتی "جەزیف ستالین" داتاشرابوون. سەیر بکەن رابەری ریفەرم و عەدالەتی کەمەایەتی کوردیی، لە فەرهەنگی کەوە نازناوەکانی داتاشراوە؟!.

رەبازی نەوشیروان

ڕەباز، تەنانەت گەورەتر لە فەلسەفەیەکی دیاریکراو. جاری وا هەیە بە هیمەتی چەندان فەیلەسووف، بە تێپەڕینی چەند دەیە بگرە سەدەش، ڕەبازێکی تر بە ژیان و دنیا گەیشتووە. ڕەباز ناوبانگکی هەیە هەیە لە فەرهەنگی زمانەوانی ئەمەدا. چون دواجار ڕەباز ڕەگەیەکە بە ژیان و بیرکردنەوە. حیساب لەسەر هەموو شتێکی ورد و درشت کراوە لە ڕەبازەکاندا. تێگەیشتنی من بۆ جۆرەیە: سەرمایەداریی ڕەبازە، کەمۆنیزم ڕەبازە، ئیسلام و کریستیانیزم ڕەبازن. چوونکە لە ڕەبازەکاندا مرۆڤ و کەشۆ و ئارەزوو و مەیل و خواستەکانی، ئەستا و ئایندە و ڕابردووی بە هەند گیراوە، ناکرێت بە چەند کتێبکی پڕش و بڵاوی نەوشیروان بوترێت ئەمانە گشتاکاری ڕەبازەکن بە ژیان، هیچ نەبێت بە مرۆڤی کورد. ئاخر زیاتر لە شەش کتێبی نەوشیروان گشتانەوەی چیرۆکی کاری سیاسیی خەیاتی و دەچنە خانەی بیۆگرافیا، چەندان کتێبی تری دەچنە بواری ساغکردنەوەی مێژوویی نێک مێژوونووسی، دوو سێ کتێبی تری ساغکردنەوەی ڕۆژنامەوانین. بە شەخسی خەم لەو بواردا لە نەوشیروان زیاترم کردووە، هەشتا ناوەرم بە خەم بەەم ڕەشنبیر، چجای خاوەن ڕەباز.
لە نەریتی کوردییدا کتێب نووسین، مرۆڤ دەکاتە خاوەن ڕەباز، ئەگەر وابێت دەبێت لە دنیادا ملیۆنان ڕەبازی جیا جیامان هەبێت بە ژیان، بە خەبات، بە شەش و هتد.. ئەمە لە بیرمان چووە هەزاران کتێبی خراپ هەن، هەزاران کتێبی تریش بە ئەوە دەنووسرێن ببنە ڕەبازێک بە ژیان، بەەم فەرامۆش دەکرێن. کەچی نەوشیروان هیچ تیاری و ئایدۆلۆگییەکی بەرهەم نەهێناوە، هیچ کتێبکی نییە بایی ئەوە بێت بکرێتە ڕەبەرێک لە بوارێکی دیاریکراودا، هەشتا هەوە هەیە ئەفسانەیەک بە ناوی ڕەبازی نەوشیروانەوە دروست بکرێت. وەک وتم کتێب مرۆڤ ناکاتە خاوەن ڕەباز، دەبێت ئەوەش بە بیر بهێنینەوە، زۆرینەی دیکتاتۆر و خوێنڕژکان بەدەر لە کاریزما و تواناکانیان لە بواری وتاردانداء خاوەنی کتێب بوون، لەم ڕووەوە کتێبی "ماین کامپف"ی ئادۆلف هیتلەر و "کتێبی سەوز"ی قەزافی و کتێبە زەر و بەرەکانی ستالین و ماوتسی تۆنگ و سەدام حسێن و جەمال عەبدولناسر و تاد.. نموونەی زیندوون. هەرچەند لەرەدا چووانەنی کەیسکان لە ئاارادا نییە، بەقەدەر ئەوەی ڕاوەستانە لەسەر ستراکتۆرە سایکۆلۆجیەکانی پشت چیرۆکی ئەم دیکتاتۆرانەی بیۆگرافی خەیان بە خوێن نووسیووەتەوە.

گۆڤاری ڕزگاری .. شەەجنەو و دژایەتی

ئەوکاتەی نەوشیروان مستەفا کادرێکی گەنج و چالاکی باڵی مەکتەبی

سیاسیی پارتی بوو، شێوەکی سەخت و خوێناویی لێ نیشان هەردوو باڵەکەی پارتیدا بەدیار دەچوو، نێوشیروان بە سروشتی حاڵ کەسێکی دەمارگیر و توند بوو لە مامەڵە و هەڵوێستدا، لە ماوەیەکی ئەجگار کەمدا وەک دەسزی باڵی مەکتەبی سیاسیی و دوژمنێکی گەورەی باڵی بارزانی و خودی بنەماڵەی بارزانی خۆی بە هەموو لایەک ناساند، ئەم هەڵوێستانە بە ڕوونی لە ژمارەکانی گۆڤاری "رزگاری"دا دەردەکەون. ئەو گۆڤارە یەکەم ژمارەی لە ساڵی 1969 بڵاوبۆوە و نێوشیروان خاوەن ئمیتیازی بوو، تەکەاش سیانزە ژمارەی لە دەرچوو لەماوەی یەک ساڵدا، چوونکە دوا بەدوای دەرچوونی بەیاننامەی یانزەی ئازار و توانەوەی باڵی مەکتەبی سیاسیی لە باڵی بارزانیدا، ئیدی ئەو گۆڤارەش نامێنێت، ئەگەرچی کاتی خۆی "ڕەفعەتی مەلا" لە چاوپێکەوتنێکدا وتبووی ئەم گۆڤارە بۆپارە و پیتاکی دەوڵەمەندەکانی سلێمانی دەرچووە، بەڵام ڕاستییەکە ئەویە بە هاوکاریی و دارایی ڕژێمی عێراق دەردەچوو، ئەگەر وابووایە کاک ڕەفعەت دەیتوانی ناوی دوو لەو دەوڵەمەندانەی بهێنایە کە پێش 50 ساڵ یارمەتی ئەو گۆڤارییان داوە.
یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی گۆڤاری رزگاری ئەوەبوو، ستایڵی کاری ڕۆژنامەوانی کوردیی گۆڕی و ئاستی ڕێخنە و نووسینی سیاسیی هێنایە خوارەوە بە شێوەجنۆو و موهاتڕات، دەکرێت بڵێین سەرەتای شێوەجنۆو و موهاتڕات نووسین لە بواری ڕۆژنامەوانی کوردییدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گۆڤارە، چوونکە ئەوە یەکەمجار بوو بە درێژایی حەفتا و یەک ساڵی تەمەنی ڕۆژنامەوانی کوردیی بەوجۆرە زمان و دەربڕینە گۆڤارێک بە زمانی کوردیی دەربچێت. ئەو گۆڤارە تاوی دوژمنایەتی لە نێوان بەشەکانی کەمەگەی کوردییدا چاند، ئەو کولتوورە سەقەت و خراپەی یەکتر ڕەتکردنەوە و داشڕینی مێژووی یەکتر لە لاپەڕەکانی ئەم گۆڤارەوە چەکەرێیان کرد و پاشان بوونە کولتوورێکی باوی ناوی ژیانی حزبایەتی لە کوردستاندا، بەتایبەت لە قۆناغەکانی دواتردا کە نێوشیروان دەبێتە سەرکردەی مەیدانی یەکێتی و هێز و چەک و میدیا و توانستی مرۆیی هەموو دەکۆنە بندەستی. بە کورتی و کوردیی نێوشیروان، "رزگاری" بە سێ مەبەست دەرکرد، یەکەم: داشڕینی سیاسیی و دروستکردنی فەرهەنگی شێوەجنۆو. دووەم:دژایەتی بنەماڵەی بارزانی. سێیەم: کەکردنەوەی نوخبەی گەنجی باڵی مەکتەبی سیاسیی بە دروستکردنی ڕەکخستنێکی نوێ.

بنەماڵەی بارزانی .. گرێی سەرەکیی نێوشیروان

زۆرێک لە هاوتەمەنەکانی نێوشیروان باس لەوە دەکەن، ئەو پیاوە جگە

لەوی کەسکی ناکۆمۆنیستی "سایکۆپاسی" بووە، لەهەمان کاتدا کۆمۆنیستێک گرمی دژوونیشی هەبووە. یەکێک لە گرە دژوونیستکانی ئەو بووە ئەو لە زووەوە هەستی کردووە لە چینی خوارەوەی کۆمۆنیستەوە هاتووە و باکگراوەندێکی گوندیی هەیە، لەوش خراپتر وەک هاوڕێکانی بە شانس نەبوو، چوونکە باوکی حەمای بوو لە گومرگ.، یەکێکی تر لە گرێکانی بریتی بووە لە سۆمینەوە و شەرمنی بەرامبەر بە مینە. بەڵام گرمی راستەقینەی نەوشیروان مستەفا بریتی بوو لە گرە و فەبیا لە بەرانبەر بنەماڵەی بارزانی و پارتی. چوونکە لە ماوەی نیو سەدەدا هەستی تونددڕەوانەی ئەو پیاوە بەرامبەر بە پارتی و بنەماڵەی بارزانی هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهات. ئەگەر جەلال تاڵەبانی و سەرکردەکانی تری ناو باڵی مەکتەبی سیاسیی، بەهەر هەیەک بێت سەرئەنجام بووبنەوە بە دەستی پارتی و بنەماڵەی بارزانی، کەچی نەوشیروان خۆونی دژپۆلاندنی فیعلی پارتی لە ناوچەی سۆران و سنووردارکردنی دەسەڵاتی بنەماڵەی بارزانی و هەژموونیان لەسەر کوردستان تاکو مردنی لە کەڵکی نەهاتە دەرەوە، تەنانەت هەندێک شارەزا لە زووەوە پێیانوابوو هەموو بانگەشە و ئەجیندا و هاتوهاوارێکی نەوشیروان بە یەک شت بوو، ئەویش وەک وتمان بە کورتکردنەوە و نەهێشتنی دەسەڵاتی پارتی و بنەماڵەی بارزانی. تەنانەت وەک بینیشمان یەکێک لە پاڵنەرەکانی هاتنە دەرەوەی لە یەکێتی دەگەڵایەوە بە ڕەکەوتنی ستراتیجی نێوان یەکێتی و پارتی، گەرچی ئەو ڕەکەوتنە کاتایی هێنا بەویستی سەینەوەی هەردوولا بە یەکتر، بەڵام لای نەوشیروان ئەم پرنسیپە واتای تەسلیمبوونی مام جەلالی بە بنەماڵەی بارزانی دەبەخشی.

د.جەمال نەبەز لە کتێبی "کوردستان و شۆڕشەکەی"دا، دەنووسێت: جەلالی حاجی حسێنی کەلەش، ئەو کوردەی هاوبیری "کاژیک" بوو، لەکاتی نەوبژیکردنی شۆڕشگێڕی سەرکردەکانی پارتی و یەکێتیدا، لە نەوتەکاندا کوژرا، جارێکیان لە کاک نەوشیروانی پرسیبوو، لە نەمسا باوەڕنامەی لە چیدا وەرگرتووە؟. کاک نەوشیروان بە پێکەنینەوە گوتبووی باوەڕنامەی لە "مەلایکوژیدا" وەرگرتووە. ئەم دەربڕینە لە ڕووکەشدا زۆر سادەیە، بەڵام گوزارشت لە هەستی ڕاستەقینەی نەوشیروان دەکرد، ئەگەر وانەبێت چۆن فەرمانی دەدا بە تەقاندنەوەی نارنجەک لە بەردەم قوتابخانەیەکی کچاندا کە بەهەی ڕەکەوتنامەی ئاشتی یانزەی ئادارەوە ئاهەنگیان دەگێڕا. نەوشیروان مستەفا بە درێژایی پێنجا و سێ ساڵ گرێکی گەورەی دژوونی بەرامبەر بنەماڵەی بارزانی هەبوو، هەرچەند ئەمە ناماوەت ببینێ پارێزەری بنەماڵەی بارزانی، بەڵام ئەمە هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێت لە بارەی بوونی گرمی بنەماڵەی بارزانی لەلایەن نەوشیروانەوە.

تەنانەت لە رووداوەکانی حەفدەی شوباتی 2011دا هەموو وزەی جەماوەری ناڕازی و خۆپیشاندەرانی، لە بارگای لقی چواری پارتیدا خاڵی کردەوە. ئەم خیانەتی دووەم بوو، لە دوای ئاوەی خۆپیشاندەرانی بە ئاژاوەگێڕ و تێکدەر لە قەڵەم دا، پاشتریش لە لە 13-3-2011وە لە شاشەی تیڤیەکانەوە دەرنەکەوت و هیچ قسەو لێدوانێکی نەبوو، تاکو لە پرسەی دایکی مەسعود بارزانیدا و دوای تەواوبوون و سەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکان دەرکەوتەوە.
حەمەسەعید حەسەن، لە ساڵی 1994 لە وتارێکیدا لە ژێر ناوی "زەبروزەنگ و بەرژەوەندیی تایبەتی لە هەوەستی سیاسیی و گووتاری ڕەشنبیریدا" ئەو نامەیەی نەوشیروان بە سەید کەریم بە بیر دەهێنێتەوە داوای پاکتاوی بەڕێی "جود" بە تایبەتی پارتی دەکات لە ڕێی تیرۆر و جەنگی کورتخایەنی بە بەرنامەوە. ئەو لە وتارەکەیدا نووسیوویەتی: نەوشیروان لە نامەیەکدا لە 23-3-1983 بە سەید کەریم دەنووسێت "خەت ڕەئی من لە شەڕدا باش ئەزانی، من هەرگیز لایەنگری شەڕی دوور و درێژخایەن و بە بەرنامە نیم، لەگەڵ لایەنەکانی دیکە "جود"، من لایەنگری خۆ ئامادەکردن و دانانی بەرنامەی تەسفیە و موباغەتە و بەاندنەوە و بەلاداخستنی شەڕکەم لە ماوەیەکی کورتدا". ئەم شەڕەش کە نەوشیروان باسی کردووە درێژکراوەی ئەو تەسفیە سیاسییە بوو چەندان کادری قیادە مەوقەتی کردبووە ئامانج لەوانە "سدیق ئەفەندی، عەبدولی سوران، قادر بەنا، نوری حەمەعەلی و..هتد" کە هەریەک لەم کادرە نهێنییانەی پارتی لە سلەمانی بەشەوەی نادیار لەلایەن گروپەکانی سەر بە نەوشیروانەوە لەو سەروبەندانەدا تیرۆرکران.
ئامانجی سەرەکیی نەوشیروان مستەفا بەاندنەوەی پارتی و هێزمووندی دەسەڵاتی بنەماڵەی بارزانی بوو لە ناوچەی سەران لە قەناغی یەکەمدا، پاشان لە سەرتاسەری کوردستاندا لە قەناغی دووەمدا. هەر لەم ڕوانگەوە ئۆوکاتیش لە گەرمەی هەراوهوریای گەلان و بانگەشەدیماگۆگیەکانیدا، پەموابوو گەمەکانی نەوشیروان لە بنەڕەتدا دژی پارتی و بنەماڵەی بارزانییە، ئەگینا نەوشیروان هیچ کێشەیکی ئەوتەی لەگەڵ یەکێتی نییە، ئەگەر کەشەی هەبەت تەنیا کەشەی شەخسییە و لەگەڵ کەسی یەکەمی ناو یەکێتییە، بەڵام نەوشیروان کێشەی لەگەڵ هەموو پارتییەک و لەگەڵ بنەماڵەی بارزانی هەیە و بە بێ هیچ ماندووبوون و وچانێک لە ماوەی پێنجا ساڵدا بە دابڕان ئەو کارەی کرد و تا مردیش لە ژێر ناوی گەلان درێژەی بە هەمان شێوەی براکان دا وەک خەی لە کتێبی پێنجەکان یەکتر دشکێنن بە وردی حکایەتکانی دەگێڕتەوە.

نەوشیروان چەند مارکسی بوو ئەوەندەش گەلانخواز بوو

لە ساڵی 2010ەوە پەداگریم لەسەر ئەوە دەکرد نەوشیروان مستەفا سەرکردەیەکی گەلانخواز نییە، بەو مانایەی بیەوێت ئەو کەموکوڕییانەی لە ئەزموونی دەوڵەتداریی کوردستاندا هەیە بەرەو چاکتر بیانگۆڕێت، بەڵکو ئەوە تەنیا بیانوویەکە بۆ درێژدان بە شڵەکی سەخت و شەخسی لەگەڵ سەرکردەکانی یەکێتی لە پێشیانەوە مام جەلال، ئەو مامەی بۆ درێژایی 40 ساڵ، مام و برا گەورەی نەوشیروان بوو، تا ئەو ئەندازەیەی ئامادەبوو خەی بداتە بەر ئەو گوللەیەی ئاراستەی ئەو مامە دەکرێ. نووسەر و کادری پێشووی کەمەڵی رەنجدەران "عارف کەریم" باس لە سەرەتای کاری سیاسیی نەوشیروان مستەفا و کەتاییەکانی ساڵانی شەستەکان دەکات و دەنووسێت "لەو ساڵانەدا نەوشیروان مستەفا دەستیکرد بە وەرگێڕانی وتەکانی ماو (کتێبە سوورەکە) هەروەها کتێبولکەکەی خەلیفەکەی ماو (لین پیاو) لەسەر شێوەی پارتیزانی، جگە لەوە مەرحوم شازاد جەمیل سائیب ئیمتیازی گۆڤارێکی مانگانەی وەرگرت بەناوی رزگاری و نەوشیروان مستەفا سەرنووسەرەکەی بوو. وتار و بابەتەکانی گۆڤاری ناوبراو چڕوپڕوانە بوو، بیروباوەڕەی ماوتسی تەنگی تیادا بەاودەکرایەوە". پاشان دەنووسێت "فاکتەری سەرەکی بەاوبوونەوەی ماویزم لە کوردستاندا دەگەڕێتەوە بۆ هاتنی گروپێکەی سازمان ئینقلابی حزب تودەی ئێران کە توانییان سەرنجی مام جەلال رابکێشن بەلای خەیاندا و بیگۆڕن بۆ کەسێکی ماویست، دواتریش نەوشیروان مستەفا و کەمەڵێک لە کادرە رەشنبیرەکانی ناوچەکان و لقی سلێمانی بوونە هۆگری ئەم بیروباوەڕە، بەندەش یەکێک بووم لەوانە".

لە قۆناغەکانی دواتردا نەوشیروان دەبێتە ئەندامی کەمەڵی رەنجدەران کە دیسانەوە ئامیش رەکخراوەکی مارکسی لینینی بوو، دواتر لە پاش تیرۆری گوماناوی شاسوار جەلال "شەهید ئارام" سکرتێری ئەوکاتی کەمەڵی مارکسی لینینی، نەوشیروان دەبێتە سکرتێری کەمەڵە، تا سەرئەنجام لە کۆتایی هەشتاکاندا لەناو باڵی جەلال تاڵانیدا دەیتوانێتەوە. ئەگەر سەیر بکەین نەوشیروان مستەفا بەلانیکەمەوە چارەگ سەدەیەک وەک سەرکردە و لایەنگرێکی سەرسەختی بیروباوەڕەی مارکسی کاریکردووە و خەی ناساندووە، بەڵام دواتر لە کاتی نووسینەوەی یادداشتەکانی خەیدا ئەوە روون دەکاتەوە هەرگیز باوەڕی بە مارکسیزم نەبووە. وەک خەی لە بەرگی یەکەمی یادداشتەکانیدا "لە کناری دانوبەوە بە خەی ناوزەنگ" لە لاپەڕە 172 ئاماژەی بە کردووە هەرگیز باوەڕی بە کەمانیزم نەبووە و هەرگیزیش رەژەک لە رەژان لە دڵەوە مارکسی نەبووە، بەڵکو بەیارمەتی

ناچاریی بوون بە کەکردنەوەی ئەو ژمارە بەشوومارە گەنجەی ئەوکاتە لەژێر کاریگەریی هەژموونی مارکسیزمدا بووون. هەربۆیە لای من بەرزکردنەوەی دروشمی "گۆران"یش لە هەمان ئەو دروشمی "مارکسیزم" دەچوو کە نەوشیروان چارەگە سەدیەک گەنجانی کوردیی پێ تەخدیر کردبوو، لە ساڵی 2011شدا لە وتارەکمدا نووسبووم هەر لەم روانگەوە دوورنییە دوای دە ساڵکی تر ئەگەر عومر باقی بێت، لە بیرگکی تری یاداشتکانیدا نەڵێت، من بەوام بە گۆران و ریفەرم نەبووە، بەڵکو ئەو پاساوکی باش بوو بە ئەوەی خەڵک بە ئامانجە سیاسییە تاکە کەسییەکانم کە بکەمەوە. بە کورتی نەوشیروان چەند مارکسی بوو، هەر ئەوەندە گۆرانخواز بوو.

پاکتاوی سیاسیی.. نەریتی هەمیشەیی نەوشیروان مستەفا

نەوشیروان مستەفا لە دەستپێکی کاری سیاسیی خەیەوە تا کۆتایی ژیانی، بەوای بە تەسفیە و پاکتاوی نێیارە سیاسییەکانی هەبووە، ئەگەر لە قۆناغەکانی شاخدا لە ڕێی ئۆپەراسیۆنی پشمەرگانەوە ئەو پرسیارەی بەڵەوە بردبێت، ئەوا لە قۆناغی دوای ڕاپەڕیندا هەرچەند بۆی کرابێت هەمان کاری کردووە و هەر کاتێکیش توانای نەبووبێت، میکانیزمی تری دەزیوەتەوە، وەک ئەوەی لە ڕێی خۆپیشاندانەکانەوە نەخشەی بۆ کێشابوو و یەکەم چرکەی لە ئەوارەی 17 شوباتی 2011 دەستپێکرد و دواجار لە ڕۆژی 19 نیسان بە تووڕەیی دەستەبات و بەاوپێکردنی خۆپیشاندەران کۆتا هات. دیسان لە ساڵی 2015 سواری شەپۆلی ناڕەزایەتی مامۆستایان و فەرمانبەران بووەوە، ئاماژەی خۆپیشاندانەکانی خستە خزمەتی شەڕی کۆنە قینی خۆی لەگەڵ پارتی، ئەمە ئەگەر سەیر بکەین، نەوشیروان ویستوویەتی بەهەر نرخ و ڕەگەزێک بووە پارتی و بنەماڵەی بارزانی تەسفیە بکات، یان بەلانیکەمەوە پەراوێزیان بخات لەسەر شانۆی سیاسیی. هەرچەند ئەوە مافی خۆی بوو، بەڵام ئەمە مافی خەمانە بەڕین نەوشیروان بە ماسکی گۆران و گۆڕینی سیستمی سیاسیی دەموچاوی خۆی داپۆشیبوو.
محەمەد حاجی مەحموود، لە بیرگی چوارەمی یاداشتکانیدا "ڕۆژهەڵاتی پشمەرگەیەک" دەنووسێت "نەوشیروان مستەفا لە کاتی هەڵبژاردنی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان داوای لە ئەمە دەکرد هێزی خەمان بە دژایەتی پارتی یەک بخەین و لە یەکەک لە کەبوونەوەکاندا وتی: دەمانەوە یەکێتی نیشتمانی بەرامبەر پارتی سەربکەوێت، منیش لەوانەیە کەشەم هەبێت لەگەڵ یەکێتی و مام جەلال! بەڵام کێشە بە پشکەوتنی میللەتکەمە. من پشکەوتنی میللەت لە پشکەوتنی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە دەبینم و ئەمە و ئەوش شەشمان کرد بە

ئەوەی ماڵی مەلامستەفا نەیانەوێ و ببنە برابەشمان، من بە سەرکەوتنی یەکێتی و سەرکەوتنی مام جەلال هەموو توانای خۆم سەرف دەکەم". هەر بۆیە نەوشیروان لە پێش راپەڕین و دوای راپەڕین ئەندازیاری شۆڕشی راستەوخۆ بووە لەگەڵ پارتی، بە ئامانجی دەرپەڕاندنی پارتی و بنەماڵەی بارزانی، خۆی وتەنی تا بچنەوە لە کەرەج ببنەوە بە پێنابەر. ئەمەش بە نرخێکی گران تەواو بوو، بە تایبەت بە خوێنی هەزاران کەس و تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی گێشتە خاڵی کۆتایی خۆی، بەڵام نەوشیروان چوونکە لایەنگری تەسفیە بوو، وەختێک یەکێتی لەگەڵ پارتی رێکەوتنی ئەنجامدا و بەیاریاندا ململانێی دیموکراسی یەکتر بکەن، لە حزبێکی جیابوونەوە، ئۆپۆزسیۆنێک بە دەرئەپەدان بە سیاسەتی تەسفیە و پاکتاوی سیاسیی.

وەنەبێت ئەم سیاسەتەی تەنیا بەرامبەر بە پارتی پەیڕەو کردبێت، نەخێر ئەم سیاسەتە بەرامبەر بە کەی حزبەکانی تری کوردستان لەلایەن نەوشیروان مستەفاوە پراکتیس کراوە. هەر لە حزبی سۆسیالیست و شیوعی و ئیسلامییەوە بیگرە تا دەگاتە کۆمۆنیستە کرێکارییەکان. نەوشیروان مستەفا لە قۆناغی شاخدا ئەندازیاری پاکتاوی "حسک" بوو هەر بەیاری ئەو شۆڕشکێی خوێناویی گۆرەپانبوو لە نێوان یەکێتی و حسک، لەم نەوەندەدا بە یاری فەرمی ئەو هەریەک لە "مام ئاراس، شەرکەی شێخ عەلی، عەبدوڵا سوور" کە سێ سەرکردەی سۆسیالیست بوون شەهید کران، هەر لەو نەوەندەدا پاسۆک "حزبە کۆنەکەی رەبین هەردی" بەبەش نەبوو لە سیاسەتی تەسفیەی نەوشیروان مستەفا، پاساوی هەرشکردنە سەر پاسۆک و راوەدونیان بە ئەو بیانووە لاوازە دەگەڕایەوە گوایە "مولازم شوان" نزیکەی 15 پێشمەرگەی یەکێتی لە تراکتۆرەکدا کوشتووە، بەڵام پرسەی لەناوبردنی شیوعییەکان و شەهیدکردنی 90 پێشمەرگەی ئەو حزبە لە گوندی پشئاشان و قۆناقا لوتکەی ئەو سیاسەتە تونديەی پاکتاوی سیاسیی بوو کە نەوشیروان مستەفا ببووە پێغەمبەری.

قادر رەشید "ئەبو شوان" یەکێک لە سەرکردەکانی پێشووی حزبی شیوعی لە کتێبەکەیدا بەناوی "پشتئاشان لە نێوان ئازار و بەدنگیدا" باس لە شێوازی ئەپەراسیۆنی قەلاچۆکردنی شیوعییە "تەحریفییەکان" لەلایەن نەوشیروان مستەفاوە دەکات و لە کتێبەکەدا هاتووە: هەزەکانی یەکێتی بە سەرکردایەتی نەوشیروان مستەفا لە بەهاری ساڵی 1983 هەرش دەکەنە سەر بارەگاکانی حزبی شیوعی عێراقی و پاسۆک و حسک لە گوندەکانی پشتئاشان، قۆناقا، بەرە، ئاشقەڵە و رزگە. نزیکەی 90 کەس دەکوژرێن و چەندین کەس بریندار دەکرێن. ئەوەی جێگای سەرنجە شێوەی هەڵسوکەوتی نەوشیروان و هەزەکایەتی لە شۆڕشەکەدا. کە پێنجی

کچک بناوی ئەحلامیان بیوە بە ئاوەی ئەقەکەی لە ببەن، تارمی پشمەرگەیەک بناوی عەلی حوسەن لە ژێر خاک دەردەنن بە گیان بەدوای چەکەکەیدا و تارمەکەش لە رەخی رووبارەکە بە جەدەن، کەسک بناوی ئەبومەکسیم خاونی 7 منداڵ دەبێت، بە ئاوەی دەست بکاتەوە دەرێتە بەر گوللە و دەکوژرێ، ئەو دیلانەی پارێیان پێبووە رووت دەکرانەوە و بە دیلی دەکوژران. "هەندرێن"ی رووناکبیر کە لەو کاتە پشمەرگەی حزبی شیوعی بووە دەڵێ: من خەم گومم لێبوو نەوشیروان لە رادیەکەی خیانەوە دەیگووت، ئەمە وەک باندیەک سەری حزبی شیوعی هەڵدەکێشین و دواتر پەیوابیان هەڵدەکێشین. کەسک وا قسە بکات، چاوەڕوانی هەموو شتێکی لێدەکرێت.

ئەم سیاسەتە لە قۆناغی تردا هەموو ئاوانشی گرتەوە کە لەناو یەکێتی نیشتمانی سیاسەتی رەسمی بوون، بە وێنە خوێندنەوەی یاداشتەکانی "پشکۆ نجمەدین" واتە "ئەزموون و یاد" بەرووتی ئاوەی تێدا دەبینرێت نەوشیروان مستەفا سەرباری ئاوەی ئاڵای شۆڕشی سەرکوت کردووە، تانانەت فەرمانی بە لایەنگرانی خۆی کردووە هەمیشە دەستوچاوی سەرکردەکانی ئاڵای شۆڕش لە نەویشیاندا پشکۆ نجمەدین بەستنەوە. لە پاش راپەڕینیش ئەم سیاسەتە لە دژی پارتی و ئیسلامیەکان و زۆر دەژقانەش بەرامبەر بە کۆمنیستەکان ئەنجام درا و درێژەی هەبوو، حاڵی حازریش نەوشیروان مستەفا لە ژێر دەماکی گیانەوە خەریکی تەسفیەکردنی سیاسیە بە تایبەت بەرامبەر بە پارتی. بەڵێ کاتێک ئاوە لە مەژووی ئەم پیاوە دەدینەوە هیچی تر نییە جگە لە چەند لاپەڕەیەکی خونناویی لە تەسفیەکردنی چالاکوانە سیاسیەکانی کورد.

گیانکاریی بە نەوشیروان مستەفا نەدەکرا

گێڕینی دەخی سیاسیی کوردستان و بنبەکردنی دیاردەی گەندەڵی بە کەسێکی وەک نەوشیروان مستەفا نەدەکرا، چوونکە خەی داهێنەری سیاسەتی فیفتی بە فیفتی بوو، خەی بە یەکەمین جار کۆمیتەی حزبی لە زانکەی سلێمانی کردەوە، خەی یەکەم سەرکردەی حزبی بوو دەستی وەردایە کاروباری زانکە، نەک حەرەمی زانکەی شکاند، بەڵکو دەیان موحازەرەی لە زانکەی سلێمانی وتەوە، خەی بەرپرسی ئەو هەیکەلە رەکخستنە بوو یەکەتی هەیبوو، خەی زەربەی ئەندامانی پەرلەمان و کاربەدەستانی حکومی سەر بە یەکەتی تەشخیس دەکرد، خەی دەستی باڵای هەبووە لەناو هێزەکانی پشمەرگە و دەزگای زانیاریی و ئاسایشدا، تانانەت لە یەک کاتدا سێ سەرکردەی سەر بە باڵەکەی، ئەو دەزگا هەستیارانەیان بەڕێوە بردووە "قادر حاجی عەلی- بەرپرسی دەزگای

زانیاریی، دانا ئەحمەد مەجید- بەڕێوەبەری گشتیی ئاسایش، مستەفا سەید قادر- فەرماندەی هێزی پێشمەرگە". دواتریش وەزارەتی ناوخۆ و پارێزگاری سلێمانی و دەیان پێستی گرنگی تر دەکەونە بن دەستی سەرکردەکانی باڵی ریفەرم. تەوی ئەو گەندەڵییەی ئەوان باسی دەکەن زادەی ئەو قەناعەتە نەک ئەستا، ئەوسا کە دەسەڵاتیان هەبوو نەک ئەوەی باسی چاکسازییان نەدەکرد، بەڵکو زمانی ئەویان دەبڕی رەخنە بگرێت و بەڵێت کوا پارەی قەرەبووی وشکەساڵی کە پارێزگاری ئەوسای سلێمانی بە گەردەکە و خودی خۆی خەرج کردبوو، هەموو خەپیشاندانکیان بە زەبری چەک سەرکوت دەکرد، وەک سەرکوتی خەپیشاندانکانی ساڵی 2006، کە لە سلێمانی و کەلار و هەموو شوێنکانی تر لەلایەن سەرکردەکانی ئەستای گەڵانەوە سەرکوتکران.

تەنانەت بەپێی زانیارییە ڕۆژنامەوانییەکانی خۆم، تەنیا لە ماوەی ساڵی 2003 تا ئەو کاتەی وازی لە یەکێتی هێنا، نەوشیروان مستەفا بەی یەک ملیۆن دۆلاری وەک مووچە و بە شەخسی خۆی وەرگرتبوو!!. بەپێی زانیارییەکان ساڵی 2003-2004 مانگانە (50.000) پێنجا هەزار دیناری سویسری وەرگرتبوو کە دەیکردە (600.000) شەش سەد هەزار دیناری سویسری لەو ساڵەدا، هەروەها لەساڵی (2004-2005) مانگانە (5) پێنج هەزار دۆلاری وەرگرتبوو کە دەکاتە (60) شەست هەزار دۆلار لەو ساڵەدا. پاشان لەساڵی (2005) هەتا مانگی دووی (2007) مانگانە (50) پێنجا هەزار دۆلاری وەرگرتبوو کە کەی پارەی ئەو چواردە مانگە دەکاتە (700) حەوت سەد هەزار دۆلار، پاش وازهێنانیشی لە یەکێتی و بە دامەزراندنی کەمپانیای وشە (10) دە ملیۆن دۆلاری لە مام جەلال وەرگرتبوو. کەواتە ئەو کاتە دادپەروەریی لە کوێ بوو؟. ئایا کەسێک لە چوار ساڵدا یەک ملیۆن دۆلار مووچەی وەرگرتبێت چۆن دەیتوانی باسی ریفەرم بکات؟، مەسەلەکەش ئەوە نییە ئەو پارەیە وەک مووچە وەریگرتبوو، خەزگە ئەوکاتە بیوتبایە ئەوە گەندەڵییە و زۆرە. ئیتر ئەمە چۆن ریشی خۆمان بداێتە دەست کاکە نەوە گەڵانمان بە ئەنجام بدات، کە دوای مردنی خۆی گردکی سەدان دەنمی لە ناوجەرگەی سلێمانی و کارگەی چیمەنتە و سوپەرمارکێت و پاڵاوگەی نەوتی لە دوا جەمبەت؟.

20-5-2019
خەرئاوای زەمین

نامەی ئەدەبی- نامەی: (□□بوار سیوەیلی) بۆ (سەباح □ەنجدەر)

□□نجدەر گیان سڵاو:

کەم□□ نوێیەکەت: (سەرەتا وشەبوو)م خوێندەوە، ناڵیم زۆر بە وردی و دیقەتەوە، بە□□ام تەواو چ□□ژم لێ بینی. چ□□ژی ئەو □وانگە بڕینەی، کە لێ تەواوی دەقەکاندا هەیە. بەهەمان ئاست گوزارش لێ خۆی دەکات. جار هەیە دەنگی ناو ئەم دەقانە لێ دەنگی مرۆڤ دەچن، جارانەکیش ئەو دەنگە دەبەتە دەنگی □□حەکی پ□□اگەندە بەناو هەموو ئەو شوێن و کاتانەدا، کە بوون تیایاندا لێ شوێنی جڕبەجڕدا ئامادەیە. هیچ سنوورەك، یان پیرۆزییەك نییە ئەم دەنگە سڵی لێ بکاتەوە و نەیدوێنێ و بە زمانی نەهێنێت. زۆر جار ئەو دەنگە هە□□دەکشێ و خۆبەر لێ شوێنکی دیکە دەدات، بەبێ ئەوەی ئەو شوێنە، یان بوون، یان میتافیزیکا بێت. زمانی ئەم دەنگە ناخەکییەی تەکستەکان زمانکی ئەوەندە □□حییە، تەک□□ بەهەر شتەك دەبێت و □□وان گوزارشی لێ دەکات. وەك ئەوەی وشەکان شلەیەك و ئاوەك بن هەمیشە بەئاسانی فۆرمی ئەو دەفرە دەگرن، کە دە□□ژێنە ناوی.

(داواشم لێ خاڵبەندی کردووە واز لێ □اوەدوونانی □ستە بێنێت)

نەبوونی نیشانەکانی خاڵبەندی لێ تەواوی ئەم دەقانەدا، دەلالەتی ئازادیدان بە زمان زۆر فراوانتر دەکات. وەك ئەوەی ئەم زمانە خۆی لە هەر قەیدوبەندەك □زگار کردبێت، کە زمان لێ ئازادیی دابێ دەکات بەبێ ئەوەی هەست بە غیابی مانا بکەین. بەم جۆرەش، نیشانەکانی خاڵبەندیی پووچ دەکرێنەوە و زمان ئەو ئارایشکردنەی □□ت دەکات و بە □ووتووێژی دێتە دوان. هەڵبەت دەزانم، کە لێ دیوانە دووبڕگییەکەشتدا تا □ادەیەکی زۆر ئەم بنەمایەت پەیڕەو کردووە، وەك ئەوەی بتەوێ پەمان بەیت: نیشانەکانی خاڵبەندی هیچ مانایەك لێ شیعر زیاد و کەم ناکەن، پێویستە شیعر هەر بەو تانە گۆردوونیی و بە ئارایشی سەرتای خۆی بمێنێتەوە. بەگومان ئەمە یارمەتیدانی خوێنەریشە بە ئەوەی مانای حازربەدەست لە میانەی □□چاوکردنی خاڵبەندییەوە، وەرنەگرێت و بەخۆی مانا لە دەقدا بدزێتەوە. بەم جۆرەش شیعرەك، کە خۆی ئازادە لە وێناکردنی جیهاندا، ئازادییش بە خوێنەر دەدات، کە ئازاد بێت لە تێگەیشتنیدا.

سەرەتا وا دەزانیت بە ئاسانی خەیان نایەن بەدەستەوە و کۆشکی زێینی و تووخکی ئاس□□تووری □□دەگرن لەوەی بە ئاسانی بچینە

ناویانەوە، کەچی پاش خوێندنەوەی چەند دەقێك و بینینی ئەو توخم و ناسینی ئەو کەشە زینیین، خوێنەریش ھەنگی ئەو دەنگە شلە دەگرێت و شتەکان لە خیالی خیدا وێنا دەکات و جیھانی ناو دەقەکانی بە ھوون دەبەتەوە و ھەوان. من دەزانم ئەو ھەگریین بەئەنقەست دروستنەکراوە، بەکو ئەوە فەرھەنگی تایبەت بە شاعیر و فەرمگرتنی زمانەکیەتی، کە منی خوێنەر ناچار دەکات لە فەرھەنگی تایبەت بە خەم و ئەو زمانە شیعریەی خووم پەوە گرتووە، بەمە دەرەوە بەئەوەی بتوانم مامەڵە لەگەڵ ئەم زمان و فەرھەنگە شیعریەی تەدا بکەم. ئەمش جێی دەستخۆشیە، کە شاعیر فەرھەنگی شیعری تایبەت بەخۆی ھەبێت.

گرنگترین تایبەتمەندیی ئەم دەقانە ئەو ھەوەدانەیە، کە ناچارمان دەکات ھوانگەی خەمان بە شتەکان و پێوەندیدیەکان و خووپەوەگرتووەکان بگۆڕین و جیھان بەو جۆرە ببینین، کە لەرەدا و لەم دەقانەدا بوار بە بینینی خێی دەدات. ئەزموونکی زەر شیعر نووسین، کە لە دیوانە دووبەرگیەکەتدا ھەیە، لەم کەمەیەدا زەر ھوونبەتەوە بەبە ئەوەی لە قووڵایی کەم بکاتەوە و لە ئاستی زمانە شیعریەکە بھێنتە خوارەوە.

لایەنکی دیکەی ئەم دەقانە ئەو ھەچکە پەروەردەیەی کە لە دەقەکاندا گیراوەتە بەر، پەروەردەکردنی ناخ و ھەوەدان بە ئەوەی جیھان بەشێوەیکی دیکە ببینرێت و ناخ و دەروون لە چەقبەستوویی ھەزگار بکات. ئەمە ئەرککی زەر گرنگی شیعرە، کە بتوانێت پەروەردەمان بکات و تەمی ئاەزی و بەھەڵەتگەیشتن و بەیاری پەشینە و حەسوودی و دەڕەقی لە مرۆقدا بەوێنەتەوە. شاعیرە باش و بیرکەرەوەکان دەتوانن ئەم شیاوەکیەی شیعر بدەزنەوە و جیھانی پە دابەژنەوە وەك ئەوەی پێویستە ھەبێت، نەك وەك ئەوەی کە ھەیە. ئەم ھوانگە لە دەقەکاندا و بە ھەمان ئاستی بیناکەرانە و دوورکەوتنەوە لە کەف و کۆ و ئاھ و ناەی پە لە زیادەڕەیی و وشە ێزکردن، درەخشانیەکی ھوونی بەم دەقانە بەخشیوە. لە ھاستیدا توانیوتە (وشە بکەیتە سەرەتا) و سەرەتاییبوونی وشە و دەساەتی وشە بەرجەستە بکەیت، ھەر بە وشەش لەگەڵ ھەگەزەکان و شێوەکانی بوون و ساتەکانی بەدیارکەوتن و بەرجەستبوونی دیار و نادیارەکانی ژیان بدوێنیت.

لەمەدا وێنەکان و خیاڵەکراوەکان و وێناکردنەکان تەواو سەرکەوتووانن لە پەکگەیاندنی خیاڵ و بیرکردنەوەی خوێنەر بە خیاڵ و وێناکردنەکانی ساتەوەختی شیعریی شاعیر.

(باران لەدار بەریدامەوە ناو چاڵی گوللەیك
چەکی عەل و حەپەل دەمخوات)

یان:
(بوومەتە گەی زەوی بە چواردەوری هەمووانداد دەسووڕێمەوە)
هەرچەندە زمانەکەی بەرز و ڕەوانە و خوێنەر پڵکێشی مانای قووڵ دەکات و ناچاری دەکات گوێشنیگاکانی بە شتەکان بگۆڕێت، بەڵام خوێندنەکی بەردەوامیی شاعیریشە لە جیهانەکدا، کە هەموو شت تیایدا ئاماژ بووە، کەچی ئەو دیاردەیت بە وشە جیهان ڕەکبخاتەوە. لە چەند شوێن هەستم کرد هەڵەی بچووکی تایپیش هەر هەیە، ڕەنگە پەویست بێت جارەکی دیکە پەداچوونەوەی بە بکرێت.
خۆشویستییم.

ڕەبوار سیوەیلی
2020/5/23 هەولێر

کتێب/ گوڵستەرەکان کوژانەوە … نووسەر/ کەریم کاکە

بابەت/ یادەوەری
چاپ/دووەم – ٢

بەر لە خوێندنەوە، ئەو چەند دێرە بخوێنەوە
گوڵستەرەکان کوژانەوەد یادەوەری پشمەرگەیەک، سادەیەد پشمەرگەیەک ، نیوەی دووەمی، هەشتاکانی، سەدەی بیستەم با بە خوێنەری خە بەم ئەو سەرهاتانەی لەڕە دەیانخوێنیتەوە نە زادەی خەیاڵن نە هەڵبەستراون، هەموویان بینراون و لە نزیکەوە بیستراون، کەسەکان یەک یەک لەو گەڕان و لە بەر چاون، ئەوە هەیە بە زمانی، ئەدەە گەڕاوەتەوە و پەنجەی هونەرکاریی بە شێوەیەکی وا گەیشتەتە، لە هەندە جە ڕەنگە بە خەیاڵ خەی پیشانی، تەی خوێنەر بدات.
گوڵستەرەکان کوژانەوە، لە ناو خەیدا بەش بەشە، هەر بەشەی لە بن ناونیشانەکی بەرفرە، هەندە لەو ناونیشانەش بە سەر بەشی لە خەیان بەر تەسکتر… تایبەتمەندیەکی کتێبەکە ئەوەیە، تە لە هەر بەشەکەوە بەری لێبگریت، ڕەنگە هەست بە پسانەوە نەکەیت، واتە لە شێوەی

چەپکە کورتە چیرۆک، هەرچەندە بەشکانیش بە سەر داوە بە یەکەوە بەستراون و دەکرێ وەک چەن رەمانە دەخوێنیتەوە، وابەری لێبگریت، لەو کاتەش هەستدەکەیت رستی، بەستنەوە هەیە، جا تە ئەگەر دەت خوێندنەوەی ویست بهاوژە بەر دەی خەت، لە کوێوە دەست پێدەکەیت. گوێستەرەکان کە نزیکەی سەت وهەشتاوهەشتت هەزار وشەیە، بەری چەند ساڵان، بەری سەزدە چواردە ساڵ تەمەنە(١٩٩٨-٢٠١١)هەشتا بنی نەهاتووە، ئەگەر مەرگ نەرەبەی نەکات و زوو نەگات، لەگینە بە دوایدا بە، ئاخر گوێستەرەکان بە من ئەو داستانەیە، ئەگەر هەزار و یەک شەویش، هەر شەوی هەزار و یەک لاپەرەی لێبگێڕمەوە بنی نایە. گوێستەرەکان کوژانەوە بەر لەوەی لە ساڵی ٢٠١٢ بە بە سەریەکەوە چاپبکرێ، پێیتر لە ستە چوار بەرگی گچکە چاپکرا بووە، بەر لەوانیش، لەترە و لەوە، هەندە بەشی لە گۆڤار و رۆژنامان، لە سایتان بەاوکرابوەە.

بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئەرە بکەن ....



سوێند … شیعری شەهید زانا مەحموود حەمزە

- سوێند بو منداڵی خۆاگرتوو و
کچانی خەبەخت کەری.. نەو سوپاری گیان لە دەست چوون ،
بە گیانی ئاوارە بووی .. زەریای ئاران,
بە تەکۆشکی یاخی بووی.. یاسای گەردوون.
ئەو ئاسمانەم هەرگیز ناوێ ،
کە ئەستێرەی خەرکی لە سەر ناوێ ،
پێیان وابوو
کە من مردم.. هەزارانی تری وەك من ،
لە ترسانا.. وەك هەر بەردکی دەش داماو .
بێ دەنگ ئەبن.

- پەم مەڵێ کەی .. بیر لە مردن ئەکەمەوە،
پەم مەڵێ کەی .. لە مەمکی گەش گەشی سوور ئەهەومەوە،
پەم مەڵێ چۆن .. لە تروسکە بەزار ئەبم ،
پەم مەڵێ کەی .. چۆن کلیلی خۆش بەختی خەڵك
دێتە دەستم ،
تا کانیاوی سوور یا زێڕین ..
تا هەتایە بێ هەزاران کێڵگە بەردەم،

ژیان و نائومێدی حەقیقی… دانا حەمید

لە کاتێکدا من ئەزانم، وە ئەتوانم بەوپەڕی هەزمەوە لە ژیان نائومێدبم! بەڵام ناتوانم کە ئەم زمانەی لە قسەکردن و نوسین و دەربڕیندا، لەگەڵ خەم و بەرامبەر بەکارێدەهێنم چ جۆرە زمانێکە، چ مانایەکی وجودی هەیە بەم. نازانم! دەکرێ ئەم تەعبیرە لە تەنهایی و بێدەنگییەکانم، چرکەساتی ڕووداننی نوقسانییەك بێ لە منداڵ، کە هەستم پێنەکردوە، وەیان پەمنەزانیوە… یاخود پەمزانیوە و لە ئەنجامی کەمتەرخەمی و گەشەگیری خەمەوە بێ، شەکەك بێ لە ئەنجامی دەخی وجودی ژیانەوە، بەئەوەی پرست پێبکا هاتووە و میوانێکی ناوەختە ڕووبەڕووت بووەتەوە، جا بەهەی هەر ڕووداوێکی ژیانەوە بێ، توشت بووە.
ئایا ئەتوانی خەت دەرباز و ڕزگار بکەی یان نا لەم شەکە، ئەمە بە من چەند تێگەیشتنێکی هەیە وەك ئەو خەڵکەی وەنای ئەکەی، ئەکرێ ئەو شەکە درم و پەتایەکی جا "ڕۆحی/جەستەیی" بێ، بەڵام بە "بەڵێ/نەخێر"، خەشم نازانم! ئەزانم تەواوی جەستە و ڕۆحم کە هەستی پێئەکەم هیلاك و ماندوە، بەدەست کات و زەمەنەوە کە لەوانەیە هی کاتێکی دوورووەدرێژی لەمەوبەر بێ، یان هی کاتێکی تر بێ، ئەوەندەی هەستت پێکردوە لە نوکی پەتەوە تا مەشکت هەست بێ ئازار ئەکەیت، ئازارێك زەرجار ڕۆحی و زەرجار جەستەی یان هەردووکیان پێکەوە، واهەست ئەکەی "پشت، سنگ، دەرون، سەرتاپایی هەشت و جەستە و مەغزت" ئەشی هەیە.
بەقەولی (کامە): "لە هەمووی وەحشتناك و ناخەشتر لەم بارودۆخەدا

ئەو تامەیە کە لە دەمتدا هەستی پێئەکەی و دێتە دڕاوە… نەخوێنن، نەمرگن، نەتا و ئەوانی تر…" لە جێستەت پێکهاتەیەکن لە هەموو ئەو درمە وجودی و ڕەحییە، کە لە شکۆوە دروست بووە. تەنها ئەوەندە لەم گەردونە گەشتووین و درکمان پێکردوە کە ئەوەیە: زمان ناتوانێ لە ئاستی هەوداوەکانی تەئویلاتی خێی هەبێ، لە بەرامبەر ئەو "ڕەش/سپی، ئازار/چێژ" و…، وەیان (خەیام) گوتەنی: " ئەم ژیانە نە سەرەتایەکی هەیە و نە کۆتایی". قبوڵکردنیشی هەروا بەسادەیی ئاڵۆزی و تولەیەکی ئەوەندە درێژە هەتا بڕی پێیناگەی، کە لە تەڕەی وجوددا هەیە، و پێ بە گەرومان هاوار بکەین، چەند سەختە وەک ئینسانێک لەم سەردەمدا ژیان بکەین.

تەمەنێک لە ژنگ … نەوزاد بەندی

بە منالیی وامئەزانی
هەرچی شتێ
هەی تە ئەچێ
فڕێ بدرێ ،
بەجگە لە خوێنکانی من ..!

بەس وا نەبوو –
تەنانەت پەچەوانە بوو ..
هەرچی شتی فڕێدراوە ،
بوون بە سەردار و قی ئای پی ..
هەرچی خوێنی منالیشێ ،
فڕێدران لەگڵ دایبی ..